www.kurdistannet.org
28-2-2007 20:45 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئەرکی لێخۆشبوون (1) لە ئەڵمانییەوە .. ریچارد هۆلبروک (2) ... ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

"چیبکرێت هەتا لە کاتی هەڵوەشانەوەی عێراقدا، شەڕ لە نێوان تورک و کورد دا ڕوو نەدات؟"



ئەگەر هەر شتێکیش لە عێراقدا ڕوویدات، دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین، کە گریمانەی ئاکامی ترسناکی جەنگ کەمتر بکەینەوە. دەبێت ئێمە لەوێکانەوە دەست پێبکەین کە دۆستی گرنگ و ئەندامی ناتۆمان تورکیا، لێی دانیشتووە. لەم شەش ساڵی ڕابردووەیشدا، پێوەندی تورکیا لەتەک ئەمریکادا، هەر دەم بەرەو خراپ بوون چووە. لەپێشترین کێشە، هێرش کردنی (پ، ک، ک) ی تێرۆریستی کوردەکانە، بۆ ئەم دیوی سنوور بۆ سەر تورکیا، ئەویش لە عێراقەوە. ئەوانەی کە لەو باوەڕەیدان شایانی هەبوونی دەوڵەتی خۆیانن. لێ هەمیشە و لە لایەن ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین، وەک ئێران، عێراق، سوریا و تورکیاوە، دەچەوسێنرێنەوە. لە سەرەتادا هەندێک پاشخانی زانستی، لە مەڕ هەولێری پایتەختی کوردستانی عێراقەوە. ئەو جێیەی کە من لە ڕۆژانێکی ڕابردوود سەردانم کردووە. ئەو شارەی کە بە ڕووکەش لە ئارام دەچێت، سەرسووڕمان چێدەکات. من لە خۆم دەپرسم: کە ئایا بەڕاستی من لە عێراقێکی لە شەڕ تێوەگلاودام یاخود لە کوردستانێکی گەشەکردوودا؟ ئایا هەولێر لە ئێستا و یانیش سەردەمێکی تردا، دەبێتە پایتەختی (یان بەشێکی) کوردستانی سەربەخۆ؟ لێ گریمانەی ئەوەیش هەیە کە ببێتە شەڕێکی نێوان کورد و تورکیا. بە گریمانەی هاوکاری ئێران. (زۆر روون نییە کە مەبەستی هاوکارییەکە بۆ کوردە یاخود بۆ تورکیا. . کە بە باوڕی من مەبەستی هاوکاری ئێران بێت بۆ کورد. . . وەرگێڕ) . مرۆڤ دەکارێت ئەم ناوچە سەیر و پڕ لە ناتەباییە بە کوردستان ناوزەد بکات. هەروەک چۆن دانیشتووانەکەشی هەمان ناو هەڵدەگرن. یان مرۆڤ دەتووانێت وەکو تورکەکان، بە ژوورووی عێراق ناوی بەرێت. هەرچۆنێک بێت، بە زۆربەی دەنگی دانیشتووان کە دەکاتە ڕێژەی لە سەدا98، پاش ریفراندۆمێکی ساڵی2005 نایانەوێت وەک بەشێکی عێراق بمێننەوە. کێ دەتووانێت لەو بیرەی لایانبەرێت، کە ئێرە ئیدی ڕۆژهەڵاتی ناوەند نییە. لەو سەردەمەوەی کە (وێنستۆن چەرچڵ وگێرترودی بیل)، لە ساڵی 1920 دا و لە کۆنفرانسی قاهیرەدا، لەسەر خەرابە و کەلاوەی ئیمپاتۆری عوسمانی، وڵاتێکیان بەناوی عێراقەوە دروست کرد، ئیدی چ ئەوعێراقەیش و چ تورکیاش، هەمیشە دژی کوردستانێکی سەربەخۆ بوون لە باکووری عێراقدا. هۆکەشی ئاشکرایە، ئەنقەرە و تاران ترسیان هەیە کە کوردستانێکی سەربەخۆ، هەستی جیاوازیخوازی لە کن کوردەکانی ناوچەکانیاندا، بەهێزتر دەکات.

بۆیەکە ئەم ترسە هاوبەشە بۆتە پەیوەندی و گفتوگۆی نهێنی و پێکەوە کارکردنی تورکیای دۆستمان و ئەندامی ناتۆ و ئێرانی یەکێک لە جەمسەرەکانی ئاژاوەگێڕی. کێشەی هاوبەشیان، (پ، ک، ک) ی تێرۆریستە، کە لە چیا سەرکەشەکانی باکووری عێراقەوە، چالاکی دژی تورکیا و ئێران دەکەن. گریمانەی ئەوە هەیە کە تورکیا لە دژی هەندێک لەو بارەگایانە چالاکی سەربازی بکات. چونکەی لە ساڵی هەڵبژاردنەکاندا، سەرۆکوەزیران رەجەب ئەربەکان لە ژێر فشاری زۆری نەتەوەپەرستەکاندایە. ئەوکاتەی سەدام - کەلە دژی کوردە عێراقیەکان گازی ژەهراوی بەکار هێنا- لەسەر دەستەڵات بوو، سەرۆکی کورد لە هەولێرەوە و لەژێر سەرکردایەتی مەسعود بارزانیدا، پشتگیری چالاکییەکانی دژی (پ، ک، ک) ی دەکرد. تەنانەت لە ساڵی 1995 دالەتەک تورکیادا چالاکی ئەنجامدا. بەڵام ئەگەر ئەمڕۆکە ئەنقەرە و واشنتۆنیش، داوا لە میریی هەرێمەکەی بارزانی بکەن کە لە دژی ئۆردوگاکانی (پ، ک، ک) چالاکی ئەنجام بدات. وەڵامەکەی ئەوەیە: ئەوڕۆژانە بەسەرچوون کە کوردی لایەک شەڕی لاکەی تر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
28-2-2007 20:45 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بکات. ئەوەیش بگوترێت، چالاکییەکانی ڕابردوویش پیشانیاندا کە چیا سەخت و دۆڵە قووڵ سەخت و ئاستەمەکان، گەورەترین دژوارین. پاش ئەوەی کە ساڵەها بوو پەیوەندییەکی باش لەتەک تورکیادا بەڕێوە نەدەبرا، لێ لەساڵی ڕابردوودا دەستەڵاتی واشنتۆن جەنابی (جۆ ڕاڵستۆن) ی کۆنە لێپرسراوی گەورەی ناتۆی بۆ کێشەکانی (پ، ک، ک) ڕاسپارد. ئەوەبوو کە لە ژێر کارگەری ئەودا، بەری هێرشێکی تورکیا بۆ باکووری عێراق ڕاگیرا کە دەبووایە لەو هاوینەدا بکرابایە. ئەو لە هەوڵە دیپلۆماتییەکانیدا بوو بەڵکوم سەرکردایەتی کورد لەمەڕ (پ، ک، ک) ووە بخاتە ژێر ئەرکەوە. بەڵام کێشەیەکی تری گەورە هەیە. ئەویش بڕیاری لێبڕاوی کەرکوک. ئەو شارەی لە نێوان ڕووبەرێکی گەورەی نەوت دایە. ئەو شارەی وا زۆروکەم کەوتۆتە دەرەوەی بازنەی سنووری کوردستانی عێراقەوە. دەستووری نوێی عێراق داوا دەکات، بۆ کۆتایی ئەم ساڵ ڕێفراندۆمێک بکرێت بۆ ئەوەی کە ئایا کەرکوک بخرێتە سەر کوردستان. بەڵام تورک بۆ چەندین جار پاتەیان کردۆتەوە کە ئەوان ئەمە قبووڵ ناکەن. هەر کەس داوای کەرکوک دەکات. تێکەڵەیەک لە کورد، عارەب، کریستەکۆنەکان و تورکنامەکانیش. ئەوانەی کە پەیوەندییەکی گەلی و زبانیان لەتەک تورکیادا هەیە. ئەگەر بخوازرێت کە ڕێگە لە وەها کێشە و گرژییەک بگیرێت، چالاکی ئەمریکا زۆر بە پێویست دەزانرێت. بەداخەوە کە کاروبارە پێڕاسپارددراوەکانی گێنێراڵ ڕاڵستۆن، کێشەی کەرکوک ناگرێتە خۆی. بەڵام لەتەک ختنەڕووی ئەم پێشەکیەش لە ڕابردوو: ئەگەر هاتوو عێراق لەبەریەک هەڵوەشا، ئەوا توکیا و کوردستان پێویستیان بە یەکتر دەبێت. ئەگەریش ئەم بۆچوونە بە گریمانە وەربگیرێت. دەشێت کە کوردستان بەربەستێکی نێوان تورکیا و ئەو ئاژاوەیەی خوواروو بێت. دەشێت کە تورکیا دەستەڵاتی پاراستنی بەسەر کوردستاندا هەبێت، ئەگەرچیش هێشتاکە بەشێکی عێراقە، بەڵام لە بەغداد دابڕاوە. لەتەک ئەوانەیشدا، هۆکاری لەبەرچاوی تورکیا لە کوردستاندا هەیە: هەر نهاکە بە ئەندازەی 300 کارگەی تورکی و پارەخستنەگەرەکانیان، بوونەتە ماتۆری گەشەی ئابووری لە کوردستاندا.

بەڵێ، لێنێزیک بوونەوەی هەردوولا لە یەکتر، پێویستی بە زەحمەتی و دژواری قبووڵکردنە. پێویستە کە سەرۆک بارزانی لەتەک (پ، ک، ک) دا دانووساندن بکات. بەڵێنیش بدات کە خۆی لە کاروبارەکانی تورکیاوە هەڵنەقورتێنێت. لەهەمبەر کەرکوکیشەوە پێویست بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ناوەندیە. تورکیاش دەبێت ئەو هەڵە مێژووییە بە هەند بگرن و لەتەک کوردەکانی باکووری عێراقدا پێکەوە کار بکەن. هەتا پێکەوە لە خەمی سەقامگیری ناوچەکەدا بن. دەنا بەتایبەتی دژواری بۆ سوپای تورکیا دێتە پێشێ. بۆیە هەلومەرجەکە پێویستی بە گۆڕینی سیاسەت و پیادەکردنی وەها سیاسەتێکە. دەبێت هەردوولا لە هەوڵی زاڵبوون بن بەسەر مێژوو و تراژیدیەکان و ڕق و قیندا. هەلومەرجەکە داوای بیری نوێ و جۆری کاری نوێ دەکات. لە جیهانی ئەمڕۆدا تەنیا کەسێکم وەبیر دێتەوە، کە لەوەها کێشەیەکدا، لەسەروی مێژووەوە جێی خۆی گرتووە. ئەویش نیلسن ماندێلا بوو. مرۆڤی وەک ئەو هەر زۆر زۆر کەم هەڵدەکەوێت. لێ لەبەر ئەوەی کە من لە بەرژەوەندی هەردوولاوە قسەم کردووە، بۆیە لەوباوەڕەیدام کە ئەوان دەبێت ئەو مەشقەتی و لێتێنەگەیشتنانەی ناو عێراق بە خواست نەزانن، بەڵکوم بە شانسێکی بەرەو باشچوون. ئەگەر واشنتۆنیش ئاوهای ببینێت ولە بەرامبەر هەردوو لادا، وەک دۆستێک هەڵس و کەوت بکات، پێدەچێت کە سەربگرێت. ئەگەر بە گریمانەیش بێت دەبێت وای وەربگرین کە تورک و کورد لە سەر ڕێگای سەختی (ڕاستێتی و لێبووردن) - کە ماندێلا وەهای ناو لێناو - کار بکەن.

ڕۆژنامەی (زوددۆیچە تسایتونگ =S□ddeutsche Zeitung) 23. فێبروواری 2007

(1) Richard Holbrook کۆنسوڵی ڕابردوو لە ئەڵمانیادا. یەکێک لە سیاسیە دیارەکانی دێموکراتەکانی ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ ئەڵمانی: بیرگیت واەدینگەر.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.